**لەسەربەرنامەکەی ڕەنج سەنگاوی : ٢٠ / ٣ / ٢٠٢٠**

# ستراتیژی ئیداریی سەرمایەداریی برسێتی دەهێنێت نەک کۆرۆنا



وەزیری پلاندانان، دارا ڕەشید



وەزیری پێشووی خوێندنی باڵا، دلاوەر عەلادین

## سەرەتا

بۆ ئەوەی لە ڕەگەزی جیاوازی ئاڵتون و تەختە تێبگەین، دەبێت لە ژمارەی پرۆتۆنەکانی نێو ئەتۆمەکانیانەوە، پێکهاتەی فیزیایی تەنە جیاوازەکان تێبگەین. بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی لە قەیرانی ئابووریی یان جیاوازیی نێوان دوو سیستمی کۆمەڵایەتی تێبگەین، بۆ نموونە کاپیتالیزم و سۆشیالیزم، دەبێت ئاگاداری یاسا ئابووریەکان بین، دەنا نە مەعریفەیەکی نوێ وەردەگرین، نە دەرئەنجامێکی تاقیگەیی وەدەستدەخەین. بەبێ مەنهەج و مێتودێکی تاقیگەیی، بە هیچ کوێیەک ناگەین خەیاڵەکانی نێو سەری ئەم دکتۆرانە نەبێت کە وەک لایەنگرانی سەرمایەداری و دوژمنانی کۆمۆنیزم، هەر تەنها کۆمەڵە ئایدیایەکی بەڵگەنەویستی بێ پەیوەندیی بە واقیعی مێژووییەوە، دەخەنەڕوو. بۆیە ئێمە ناتوانین گوێ بۆ کاپیتالیستە چاوبرسیەکان و وەزیرەکانیان و ئابووریزانە برجوازیەکان و قوتابیەکانیان بگرین کە هەموویان؛ وەک تەواوکەری یەکتری، تەنها بەدوای کۆمەڵە ئایدیاو دارشتنێکدا دەگەڕێن کە پاساوی ناهاوسەنگیی سیستمێکی ئابووریی نەخۆشی قەیراناویان بۆ بکات. بۆیە لەم باسەشیاندا، لە بری سیستمەکە خۆی، ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەنە پێشینەی باس و لێدوانەکانیان. ئەمە لە کاتێکدا باسەکە قەیرانێکی ئابووریە کە خەسڵەتی سیستمی سەرمایەداریی خۆیەتی و چ پەیوەندیەکی بە ڤایرۆسەوە نیە، ئیتر با ڤایرۆسێکیش بە شێوەیەکی وەختی، لە سیستمەکەوە بئاڵێت کە هەر دەردێکە لە دەردەکانی سیستمەکە خۆی، ئەمە هەروەک ئەنفلۆنزا ئیسپانیەکەی ١٩١٨-١٩٢٠ کە دوای کۆمەڵکوژیەکەی جەنگی جیهانی یەکەم، بە ملیۆنانی تری لە خەڵکی ئەم جیهانە کردە قوربانی. دوای ١٠٠ ساڵ لەو ئەنفلۆنزایەو چەندانی تر لە تاعون و کۆلێرا، ئیدارە وێرانکارەکەی دەوڵەت نیشانیاندابن، ستراتیژی ئیداریی، ژمارەی دکتۆرو دەرمان نیە، بەڵکو پڕ کردنەوەی پێداویستیە ئینسانیەکانە. ئەوەتا ئەگەر لە کوردستان، دەوڵەمەندان خۆراک دابەش نەکەن بەسەر هەژاراندا، لە ئەمریکا کۆمەک بە بێکاران نەکەن، کارەساتی ئینسانیی ئێجگار گەورە دەخووڵقێت. پرسەکە بوونی سەرچاوەی مرۆیی و تەکنیکی و دارایی نیە، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانەیە. ئەوە بودجەیە ستراتیژی دەوڵەت دیاری دەکات نەک پێداویستەکانی کۆمەڵگا، بۆیە دەوڵەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان و زیانەکانی سەرمایەدارییدا، دەبێت بە سیاسەتی سکهەڵگوشین و جەنگ و بێکارکردن و برسی کردنی هەژاران، تەعویزی زیانەکانیان بکەنەوە. بۆیە دەبێت لەم باسەدا، لە خودی سیستمەکە خۆیدا، بۆ وەڵامی پرسیارەکانی ئەو دکتۆرانە

بگەڕێین دەربارەی قەیرانەکان و زیانەکانی ئەم چەرخەی سەرمایەداریی کە ئەوان بۆی دەکرِوزێنەوە. هۆکاری ناکۆکی و شەڕی ڕکابەریی نێوان کۆمپانیاکان وەک تاکە کۆمەڵایەتیەکان، ناکۆکی و خوێن ڕشتنی نێوان نەتەوەکان وەک چینە کۆمەڵایەتیەکان، لە یاساکانی پێکهاتەی ئەم سیستمە نەخۆشە خۆیەوە دەستنیشان دەکەین کە هەر ئێستا، نیوە جەنگێکی جیهانییان لە نێوان سوپاکانی تورکیاو سوریاو ڕووسیاو ئێران و ئەمریکاو داعشدا دروستکردووە لە خۆرهەڵاتدا، ئەمە هەروەک چۆن ئەو ناکۆکیانە، برەو بە خەباتی سەختی چینە پرۆلێتاریەکان دەدەن لە ئێران وەک عێراق و کوردستان، لە جەزائیر وەک شیلی، لە لوبنان وەک هۆنگ کۆنگ، لە چین وەک فەرەنسا، ئەو خەباتەی لە ڤایرۆس زیاتر، دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانی تۆقاندووە، وە ئەگەر ئەو خەباتگێڕانە، بە ڤایرۆسی کۆرۆنایش پاشەکشەیەک بکەن، هەر بەو زوانە دێنەوە مەیدان و بەردەوام دەبن لەسەر پەیامە مێژووییەکەیان، ئیتر با لایەنگرانی سەرمایەداریی، ڤایرۆسێک بکەنە پاساوی وێرانکاریەکانی ئەم سیستمەو هەموو بێکاری و هەژاری و گرانی و جەنگ و دەربەدەری و دوژمنایەتی کۆمۆنیزمیش، ئەمە لە بری شیکردنەوەیەکی زانستیانە کە زانیاریەکی مێژوویی دەداتە بیسەران. بەڵام ئێمە لەبری ئەوان و دژی ئەوان، ئەو ئەرکە ئەگرینە ئەستۆ، ئەمە ئەگەر جاری داهاتوو ئەم شیکاریانەی ئێمە وەک باسێکی نوێی خۆیان، نەدەنەوە بە ناوچەوانماندا.

ئەنوەر نەجمەدین

٢٠٢٠/٣/٢١

## قەیرانەکان و زیانەکان

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، واتە لەسەردەمی باڵغ بوونی سەرمایەدارییەوە، قەیران دێت و دەچێت. بە زەبتێکی ماتماتیکی، هەر ١٠ ساڵ جارێک، قەیرانێک هاتووەو تێپەڕیوە، ئەو قەیرانانە، لە سایکڵە ١٠٠ ساڵیەکانیاندا: ١٨٢٥، ١٩٢٩، ٢٠٠٨، کاریگەرییە جیهانیە وێرانکارەکانیان دەبینرێت. هەرچی زیانەکانی سەرمایەدارییشە، واتە دابەزینی ڕێژەی گشتیی قازانج لەم چەرخەدا وەک هەر چەرخێکی تر؛ دینەمۆی بەهێز کردنی ڕکابەری و هەڵگیرسانی جەنگ و برەوسەندنی خەباتی چینە هەژارەکان بووە. قەیرانی ٢٠٠٨ و زیانەکانی هەتا ساڵی ٢٠١٢، بەس بوو بۆ ئەوەی سەرمایەداریی جیهانی، ١٥ ترلیۆن دۆلار زیانی بەربکەوێت (١٥ هەزار ملیارد دۆلار)[1]، وە هەر ئەوەیش پێشینەی مێژوویی گەورەترین جەنگی ئەم چەرخەیە کە بەم ناوچەیەدا دەسووڕێتەوە. ئیتر با ئەم لایەنگرانەی سەرمایەداریی، بە هێرش بۆ سەر کۆمۆنیزم، کۆرۆنا بکەنە پاساوی ئەم سیستەمە نەخۆشە کە وڵاتی چین بەشێکێتی. وە بە پێچەوانەی دوژمنانی چینە هەژارەکانەوە، پرسیاری ئێمە ئەوە نیە کامیان هۆکاری زیانەکانن: قەیران یان کۆرۆنا، بەڵکو ئەوەیە: ئایا ئەم قەیرانە لەم سایکڵە سەد ساڵیەیدا، بە هەموو چارەسەرو جەنگ و وێرانکاری و برسی کردن و دەربەدەریەکانیەوە، وە دوای بەسەرچوونی کۆرۆنا، جارێکی تر ڕێ بە گەشانەوەی سەرمایە دەدات و جیهان دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی بەر لە ٢٠٠٨؟ وە ئایا کۆرۆنا بەسە بۆ پاساوی کارەساتەکانی سەرمایەداری و دوژمنایەتی کۆمۆنیزم؟

## پاساوی ئابووریزانە برجوازیەکان و قوتابیەکانیان

هەمیشەو بەدرێژایی مێژوو، برجوازیەکان و قوتابیەکانیان و ڕۆشنبیرە برجوازیەکان، هەوڵیانداوە بە بیانویەک، پەردەپۆشی بارودۆخی ناهەمواری سیستەمەکەیان بکەن، هەروەک چۆن لەم بەرنامەیەشدا، ئەم وەزیرو دکتۆرانە دەیانەوێت، بە ناساندنی ئابووریی چینی وەک سۆشیالیزم، ڕێگایەکی ئاسان بدۆزنەوە بۆ هێرش بۆ سەر کۆمۆنیزم، وە بەمەیش خەمە گەورەکەیان بۆ زیانی سەرمایەداران، بە ڤایرۆس پەردەپۆش بکەن، ئەمە لەکاتێکا قەیران، لە هەموو سەردەمێکدا، قورسایی بووە بەسەر ژیانی چینە هەژارەکانەوە. وە هەتا ئێستایش قوتابیەکانی ئابووریی برجوازی، دەگەڕێنەوە سەر دەیڤید ڕیکاردۆ (١٧٧٢-١٨٢٣) و تۆماس مالتۆس (١٧٦٦-١٨٣٤) کە هەر لە بنەڕەتەوە، نەبوونی شتومەک و پێداویستیە ئینسانیەکان، دەگێڕنەوە بۆ سروشت. واتە گوایە سروشت خەتابارە کە مرۆڤ تێر نابێت، وە کێشەی هەژاریی، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانە نەک سەرمایەداریی، وە گوایە ئەوە هاوکێشەی نێوان ژمارەی دانیشتوان و گەشەی پێداویستیە، دەبێتە هۆی تێکچوونی پارسەنگی ئابووریی نەک سیستەمی سەرمایە. بۆیە بەلای ئەوانەوە جەنگ پێویستە بۆ پارسەنگ گرتنەوە، بۆ ئەوەی بەشێک لە مرۆڤ بمرن و ئەوانی تر باشتر بژین. ئەمە لەکاتێکا، مێژووی دوو سەدەی ئەم دواییە دەیسەلمێنێت، قەیرانی سیستەمی سەرمایەداریی، دەرئەنجامی زێدەی شتومەکە نەک کەمی کاڵای پێویست بۆ ژیان، وە یان ڤایرۆسێکی ناکاو، دەرئەنجامی ستراتیژە ئیداریەکەی سەرمایەداری و دەوڵەتەکەیەتی.

## قەیرانە هاوچەرخەکان لە سایکڵە ئابووریەکاندا

**لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە، هەر ١٠ ساڵ جارێک، قەیرانێکی گلۆباڵی، بە جیهاندا تێپەڕیوە: ١٩٧٠، ١٩٨٠ -کە ئیتر لەوێوە پۆلۆنیاو بەدوای ئەویشدا تەواوی ئۆردووگاکەی سەر بە سۆڤیەتی تێوەئالا-، ١٩٩٠، ٢٠٠١، ٢٠٠٨.**

## هۆکاری قەیرانەکان

برجوازیەکان دەڵێن: نەبوونی سیولە، بەرزبوونەوەی هەڵاوسان، بەرزکردنەوەی سوودی بانکی، هۆکاری قەیرانن.

سۆشیالیستەکان دەڵێن: دابەزینی ڕێژەی گشتیی قازانج، هۆکاری قەیرانی سەمایەداریە، ئەمەیش بەدەم تێکچوونی پارسەنگی بەرهەمهێنان و بەکاربردنەوە ڕوودەدات، تێکچوونی پارسەنگی کەڵەکەبوونی سەرمایەو بەکاربردنی سەرمایەداران خۆیان کە ڕاستەوخۆ کار لە بەکاربردنی چینەکانی خوارەوەیش دەکات و توێژە مامناوەندیەکانیش دێنیتە ڕیزی هەژاران. سەرمایەداران بە سیاسەتی دەستگرتنەوە، جەنگ، برسی کردنی هەژاران، تەعویزی زیانەکانیان دەکەنەوە. وە بە

---

[1]. The Wall Street Jurnal, Total Global Losses From Financial Crisis: $15 Trillion
https://blogs.wsj.com/economics/2012/10/01/total-global-losses-from-financial-crisis-15-trillion/

پێچەوانەی ئابووریزانە برجوازیەکانەوە، سایکڵەکانی سەرمایە، وەک پێویست، بەم قۆناغانەدا تێدەپەڕێت: کرژبوونەوە (downturn)، سستبوون (recession)، زێدەی بەرهەمهێنان (overproduction)، قەیران (crisis)، گەشانەوە (prosperity). هۆکارەکەیش کەڵەکەبوونی خودی سەرمایە خۆیەتی کە لە سەردەمی قەیرانەکاندا، فرۆشتن کەم دەبێتەوەو کاڵاکان لە مەخزەنەکاندا دەمێننەوە، ئەوەیش بە زیادبوونی کاڵای بەکاربردن و زیادبوونی سوپای بێکارەو مانەوەی کەرەسە بەرهەمهێنەکان کۆتایی دێت.

## سستبوون وەک سەرەتای قەیران

سستبوونی ئابووری، کورتهێنانی بازرگانی و نزم بوونەوەی داهاتی نەتەوەیی و قەرزی دەوڵەت و کۆمپانیاکانی کردۆتە ئاشکراترین دیاردە بە ناوچەوانی ڕەشی ئەم چەخەی سەرمایەداریەوە. پاشان ڕوودانی ئیفلاسی پیشەسازی و بانکەکان، هەرەسی بازاڕی بۆرسەو پشکەکان، زیادبوونی بێکاری و هەژاری، کەم کردنەوەی کرێی کار، هەڵاوسان، دابەزینی هێزی کڕین، گرانی، سەرهەڵدانی جەنگ، تەواوی ئەمانە، بە هێواشی، هەموو جیهان دەبەنە نێو کەسادێکی گەورەتر لە سەدەی ڕابووردوو.

## جیاوازیی کەسادی ئابووری و سستبوونی ئابووری

سستبوون دەرئەنجامی کرژبوونەوەیەو هۆکارە بۆ زێدەی بەرهەمهێنان و لەویشەوە قەیران، سستبوونەکانی دوای جەنگی جیهانی دووهەم، بە نزیکەی هەر ١١ مانگ جارێک دانراون، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەمیشە سستبوونی داهاتوو بە ئاسۆوەیە، ئەگەرچی نازانین کەی دێت و چەندیش خەتەرناکە. تەنها قەیرانی ٢٠٠٨ بە ١٨ مانگ دانراوە کە درێژترینیان بووە لەم سەردەمەدا دوای کەسادی گەورە (١٩٢٩).

سستبوونە یەک لە دوای یەکەکان، کەساد دەهێنن. کەسادی گەورە (Great Depression) درێژخایەنە. ئەوەی لەبەردەستمانداية وەک تاقیگەی مێژوویی، کەسادی ١٩٢٩ یە کە هەتا ساڵی ١٩٤٦ درێژەی کێشاوە، واتە ١٧ ساڵی تەواوی خایاندووەو بە جەنگی جیهانی دووهەم و داگیرکاریەکانی سۆڤیەت و ئەمریکاو ئەوروپا، بازاڕی لەبەردەم سەرمایەدا کردۆتەوە بۆ سەرمایەگوزاریی نوێ.

هەر بەوجۆرە، سستبوون و کەسادی ئابووریی، دەرئەنجامی یاسای سروشتیی سەرمایەداریین و ناوبەناویش وەک زنجیرە دێن و لەناوکاوێکدا، بە ڕاوەشاندنێکی توند، هەموو جیهان دەلەرزێنێتەوە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە چیتر بواری سەرمایەگوزاریی لەبەردەم سەرمایەدا نامێنێت، بۆیە دواین ئاڵترناتیفی سەرمایە، دەبێتە کۆمەڵکوژی بە جەنگ و برسی کردن بۆ تەعویزی زیانەکانیان.

## کەسادی گەورەی ئایندە بەڕێوەیە

ئەو ئێکۆنۆمیستانەی لە ٢٠٠٦ دا سیگناڵی قەیرانی ٢٠٠٨ یان لێدا، هەر ئەوان لە ٢٠١٨ دا سیگناڵی قەیرانی ٢٠٢٠ یان لێدا[2]. وە ئەگەر کەمێک بگەڕێینەوە دواوە، ئەوا دەگەڕێمەوە سەر ئەو ووتارەی لە ٢٠١٢ دا لە (الحوار المتمدن) دا لە ژێر ناونیشانی (العجز الأمريكي- الصيني ناقوس الخطر للاقتصاد الرأسمالي العالمي) دا بڵاوم کردەوە: "لەم چەند دەیەیەی دواییدا چین و هیندستان، تەنها ووڵات بوون هاوکێشەی قازانجیان بە بەرزیی هێشتۆتەوە لە هەموو جیهاندا. وە ئاشکرایە، سستبوونی ئەو ووڵاتانە، لە هەمانکاتدا یانی ڕاکێشانی یابان و هەموو ووڵاتە پیشەسازیە تازەپێگەیشتووەکانی ئەو ناوچەیەیش بۆ بازنەی سستبوونە ئابووریەکان".

لە ٢٠١٩ دا، سەردەمی گەشانەوەی سەرمایەداریی چینی بەسەرچوو. بەدرێژایی وەخت، چین پارسەنگی ئابووریی سەرمایەداریی جیهانی تا ئاستێک ڕاگرتبوو. لە ساڵی ڕابووردووەوە، گەشەی ئابوریی چین ٦،٢% دابەزیوەو جیهانیش بەرەو سستبوونێکی فراوانتر دەبات و لە کەسادی گەورەی نزیک دەکاتەوە. نزیکبوونەوە لە کەساد، هەر لە ئێستاوە، دەساوەدسکردنی دەسەڵاتیشی لە نێو برجوازیەکاندا، کردۆتە پێویست، ئەمەیش نەک هەر چەپەکانی نێو پەرلەمانە ئەورووپیەکان

---

[2]. Economist Who Predicted 2008 Economic Crisis Warns of 2020 Recession Risk
https://www.cnsnews.com/blog/ilona-schumicky/economist-who-predicted-2008-economic-crisis-warns-2020-recession-risk

دەباتە دواوە، ئەو چەپانەی هەر بەشێکن لە دەسەڵاتی برجوازی خۆی، بەڵکو ڕاستڕەوەکانیش جێگا بۆ فاشیستەکان چۆڵ دەکەن لە دەسەڵاتدا. بەڵام ژیان دەیسەلمێنێت نە هیچ هێزێکی سیاسی، نە هیچ جۆرە ڕیفۆرمێک، وە نە هیچ جۆرە مۆدێلێکی ئابووری، ناتوانێت ئەم سیستمە لە دەردو قەیرانەکانی ڕزگار بکات. نە لیبرالیزمەکەی ئادام سمیس، نە ئابووریە تێکەڵاوەکەی کینز، وە نە مۆدێلە مۆنۆپۆلیەکەی چین، ناتوانێت ئەمجارە، بارودۆخەکە ئاسایی بکاتەوەو گەشانەوەیەک بداتەوە بە سەرمایە.

## سەرمایەداریی و مرۆڤایەتی

شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، جگە لە قەیرانە ئابووریەکان، چەندان جۆری تری قەیرانی هێناوەتە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە. بەکارهێنانی پیشەسازیی بەم جۆرەی ئێستا؛ پیس بوونی ژینگەو لەناوچوونی دارستانەکان و گەرم بوونی جیهان و گۆڕانی کەش و هەوای سەر زەوی و پاشەڕۆ مەترسیدارەکان و ژەهراوی کردنی هەواو ئاوو زەویی گەیاندۆتە ئاستێکی مەترسیدار، ئیتر با لایەنگرەکانی سەرمایەداری و دوژمنانی چینە پرۆلێتێرە هەژارەکان و بزووتنەوەکەیان، سەدان بەیت و بالۆرە بدۆزنەوە بۆ پاساودانی سیسمە کوشندەکەیان. سەرمایەداریی خەریکە هەناسە لە زەوی دەبڕێت، بە ئاستێک کە لە ساڵی ٢٠١٧ دا، ١٥٠٠٠ زانا لە ١٨٤ووڵاتی جیهانەوە، دەربارەی وێران کردنی ژینگە، دووهەم ئاگاداریی بۆ حکومەتەکان و هەموو مرۆڤایەتی دەنێرن و دەڵێن: "کات تێدەپەڕێت بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤایەتی لە کارەسات، هەر بەو زوانە، ئیتر تونای گۆڕینی ئاراستەکەمان لەدەست دەردەچێت"[3].

هەر بەوجۆرە، ئەگەر شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نەگۆڕدرێت، مرۆڤایەتی لەناو دەبات. وە بۆ دڵنیا کردنەوەی دکتۆرەکانیشمان لە جیاوازیی نێوان سیستمە نەخۆشەکەی ئەوان و سۆشیالیزم، تەنها ئەوەندە بەسە بڵێین: ئەگەر ویستتان بزانن کۆمەڵگایەک سۆشیالیستیە یاننا، ئەوا بەر لە هەرچی بپرسن: ئایا لەوێ کاری کرێگرتە بوونی هەیە؟ لە چین وەک ئەمریکا، پەرلەمانی چینی بە یاسا، مافی موڵکدارێتی تایبەتی دەپارێزێت. بۆیە تەنانەت ڕێگە دەدات؛ سامانی گشتیی ٩٣ ئەندامی پەرلەمانی چینی، لە ساڵی ٢٠١٨ دا، بگاتە ٥٠٤ ملیار دۆلار. ئەمە لە بەرامبەر هەژاریەکی بێوێنەدا لە مێژووی چیندا. بە درێژایی ئەم ٧٠ ساڵەی دواییش، چین ئەو مۆدێلە ئابووریە سەرمایەداریەی پراکتیزە کردووە کە ناودەبرێت بە ئابووریی برجوازیی تێکەڵاو.

## پوختە

لە دواین لێکۆڵینەوەدا: مرۆڤایەتی هەمووی لە یەک کەشتیدایە، یان هەموویان پێکەوە نوقم دەبن، یان دەبێت هەموویان پێکەوە بپەڕنەوە ئەوبەر، پەڕینەوەیش بۆ ئەوبەر هیچ مانایەک نادات هەڵوەشاندنەوەی ئەم سیستمە نەخۆشە نەبێت، سیستمی بەرهەمهێنانی ڕکابەری و گۆڕینی بە سیستمی بەرهەمهێنانی هەرەوەزکاری. ڕەخنەی سۆشیالیستەکانیش لەم سیستمە، ڕەخنەیە لە ڕکابەریی کە ئێوە بە دینەمۆی پێشکەوتنی دەزانن و ئێمەیش بەبێ کۆنترۆڵ کردنی هاوبەشی ئەو پێشکەوتنە لە هۆشیاریی مرۆییەوە، هەموو گەشەیەکی تر بە مەترسیەکی زیاتر دەزانین بۆ مرۆڤایەتی، ئەگەر ئەو پێشکەوتنە وەرچەرخانێک نەبێت لە بەرهەمهێنان و دابەش کردندا لە بەرژەوەندیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵ. وە ئەگەر پێتان ووتین ئەوە خەیاڵە، ئەوا ناچارین پێتان بڵێین: ڕیفۆرمەکانی ئێوەو مۆدێلە ئابووریەکانتان، جیهانیان بە دەردێک بردووە کە مرۆڤایەتییان ناچار کردووە بەردەوام لە ڕێگایەک بگەڕێت بۆ دەرچوون لەم سیستمە نەخۆشەی کە بە بازاڕی ئازادو تێکەڵاوو مۆنۆپۆلیەوە، هەر کێشە ئینسانیەکان زیاد دەکەن، ئەو کێشانەی تەمومژە ئەفسانەییەکانی دەربارەی چارەسەرەکانی برجوازیەت، بە تەواوی ڕەواندۆتەوەو ئاشکرای کردووە: سەرمایەداریی هەر ئیدارەی قەیرانە، وە هەر بوونی خۆیشی، ئەو هێزە پرۆلێتاریە بەرهەمدەهێنێت کە هەر بەدوای گۆڕینی ئەم سیستمەوەیە لە بەرژەوەندی هەموو تاکە ئینسانیەکان، ئیتر با ئەم دکتۆرانەیش، بۆ پاساوی ئەم سیستمەو وێرانکاریەکانی، کۆمۆنیزم وەک مەترسی و هێمای شکست و خراپەو سەرمایەدارییش وەک هێمای سەرکەوتن و چاکە بناسێنن. وە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو پرۆلێتێرانە سەرکەوتن بەدەست نەهێنن بەسەر سەرمایەداریدا، ئەوا سەرمایەداریی هەموو گیاندارانی سەر زەوی لەناودەبات. چاودێریش بن بەسەر ئێمەوە کە دەڵێین: کۆرۆنا دێت و دەڕوات، بەڵام لە چەرخێکداین قەیرانەکان هەر بەردەوام دەبن تیایا، وە هەژاری و برسێتی، مەترسیەکی گەورەترن لە کۆرۆنا، لە ئێران وەک عێراق، لە کوردستان وەک میسر، لە چین وەک ئەمریکا. بۆیە جەنگە سەرمایەداریەکان و جەنگی نێوان برجوازیەکان و پرۆلێتێرەکانیش هەر

---

[3]. 15,000 Scientists From 184 Countries Warn Humanity of Environmental Catastrophe
https://www.ecowatch.com/scientists-environmental-warning-2509347840.html

گەشەدەکەن، ئیتر با سەدانی وەک ئێوە هەژاری بە خەتای سروشت بزانن و فرمێسک بۆ زیانەکانی سەرمایەداریی بڕێژن و ڤایرۆسیش بە هۆکار بزانن بۆ ئەم بارودۆخە قەیراناویە. ڤایرۆسەکە سەرمایەدارییە.